# گفتۆگۆیەک لە گەڵ ستیتیە: پێویستە زمان لە ژێر چەپۆکی ئاین دەربهێنرێ!

و.جەلال بەرزنجی

**شاعیری نوێ خوازی بە رەچەڵەک لبنانی سەلاح ستیتیە , پەنجا کتابی بە زمانی فەرەنسی بلاو کردۆتەوە , دابەش بووین بە سەر شیعر و لیکۆڵینەوەو چیرۆک وەر گێران . ئەکادیمیەی فەرەنسی خەڵاتی (فرانکفۆن) ی پێداوە. ستیتیە:لە گەڵ رێزم بۆ زمانی عەرەبی,بەڵام لە ئاستی دنیای ئێستادا نیە!**

*چۆن سەیری پەیوەندی خۆت دەکەیت لە گەڵ زمانی عەرەبی و چی وات لێ دەکات پێ ی نەنووسیت؟

**ستیتیە/ لە گەڵ رێزی زۆرم بۆ زمانی عەرەبی , بەڵام لە ئاستی دنیای ئەمرۆدا نییە,لەبەر ئەوە من وەک شاعیرێک یان دەبێ زمانێک لە ناو زمانی عەرەبی بخولقێنم بۆ ئەوەی پێیەوە با لە گەشەکردنی مرۆڤی عەرەبی بکەم کە نوێنەرایەتی دەکەم , یان دەبی پەنا بەرمە بەر زمانێکی بیانی پێی بنووسم, زۆر نووسەر پێیان باشتر بووە بە عەرەبی بنووسن و ناچار بووین فەرهەنگەکەی بە شێوەیەکی گونجاو بگۆڕن , نەجیب مەحفوز زمانەکەی پڕ هەڵەیە گەر بیر لە (سیبوەی) بکەینەوە ,نەجیب ئەگەر ئەوەی نەکردبایە نەدەخوێندرایەوەو شتەکانشی وەر نەدەگێردران. ئەوەیش شاهیدێکە لە سەر گەشەکردنی شارستانیەتی هاوچەرخی عەرەبی , هەندێک نووسەری تر زمانی بیانیان هەڵبژارد منیش یەکێک بووم لەوانە هۆکارەکەش مێژوویە , دەگەڕێتەوە بۆ سەر دەمی ئینتیداب و کۆلۆنیالیزم هەندێک نووسەر ناچار بوون بە زمانی ئەوان بنووسن , زمانی ئەوانیشیان بەکار دەهێنا بۆ بەرەنگار بوونەوەیان , بۆ ئەوەی بلێن ئێمە لە ئێوە باشترین , پێمان خۆش بێت و ناخۆش بێت ئەوان لە ئاستێکی پێشکەوت و ترو باڵاترن ئەمڕۆ شارستانیەتەکان بە سەر یەکتریدا کراونەتەوە دەبێ ئێمەش پێی رازی بین .**

* نووسین بەزمانی فەڕەنسی , وای کردووە سەربەست تر بیت وخۆت لەم کۆت وبەربەستانە رزگار بکەیت کەوا لە لایەن کۆمەڵگاو دەسەڵاتی ئاینی وسیاسی دەخرێتە سەر نووسەران؟

**ستیتیە/ ئەو نووسەرانەی بە زمانی بیانی دەنووسن ناچار نین ئەو شتانەبکەن کە پەیوەندیان بە نووسینەوە نیە, وەک خۆبەستنەوە بە رژێمی سیاسی یان پێوانەی ئاینی , سەرای ئەوش نووسەرانی عارەب هیچ داهاتێکیان نیە و یارمەتیش نادرێن خوێنەر لە ولاتانی عارەبی دا نییە . خوێنەرانی ئێمە لە چاو خوێنەرانی دنیا زۆر نەزانن. خوێنەری فەرەنسی یان ئەڵمانی ساڵێ کتابێک دەخوێنەوە , بەلام هی عارەب لە ساڵێک دا چارێکە ستوونێکی رۆژنامەیەک ! .**

**ئەگەر خوێنەر نەبێت , کتابیش نابێت . دنیای ئەمرۆ ئالۆزە .ئەگەر نووسەر بیەوێت شتێکی ئازاد بنووسێت و بگەنجێ لە گەلێ ئەم دنیایە ئالۆزەپێویستەبە زمانێکی تر بنووسێت کە دەبێتە زمانی ئەو .لە رێگەی زمانی ترو ئەو کتابە عارەبیانەی وەرگێردراونەتە سەرزمانانی تر ئەوەی دەیانخوێنێتەوەهەست دەکات لە جیهانی عارەبی رەخنەگر نیە , ئەو رەخنانەی هەشن لە ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤی عارەبن . رەخنەی عارەبی ئەوەی لە گۆڤارو رۆژنامەکان دەنووسرێن تەنیا رەخنەی وەسف کردنن , هیچ گۆڤارێکی عارەبی گرنک نیە, رەوشی عارەبان بە راستی زۆر تراژیدیە .**

*ئایا ئەو نووسەرانەی بە زمانەیکی تر دەنووسن نووسەری عارەبین ؟ئایا ئەوانیش هەندێک هاریکای ناراستەوخۆی زمانەوانیان لە سەر ئەستۆیە , هەتا ئەگەر پێشی نەنووسن؟

**ستیتیە/ ئەوانەی بەزمانی گەورەی وەک ئینگلیزی یان فەرەنسی یان پرتوگالێ دەنووسن بە خێرایی بە خوێنەر دەگەن , نووسەری عارەبی دەبێ بگوازێتەوە بۆزمانەکانی تر بۆ ئەوەی بچێتە گۆرەپانی جیهانی, نووسەری زۆر گەورەی عارەب هەن بە زمانی ئیسپانی و ئینگلیزی وفەرەنسی و ئەڵمانی باس لە ناخی مرۆڤی عەرەبی دەکەن , وێنەکی راستی ولاتانی عەرەبی پیشان دەدەن , نووسەری رەسەن ماڵی خۆی لە بیر ناکات و , دەگەرێتەوە بۆ ئەو گرفتانەی لە ولاتی یەکەمیدا هەن .**

*ناوە ناوە هەندێک لەو نووسەرانەی بە زمانی بیانی دەنووسن رای توندیان لە سەر زمانی عارەبی هەیەو, دەڵێن ناتوانێ بەراشکاوی گوزارشت لە روحی سەر دەم بکات, تۆ وەک شاعیرێکی عارەب کە بە فەرەنسی دەنووسی رات چی یە بەرانبەر بەم بۆچوونە ؟

**ستیتیە/ زمانی عارەبیم خۆش دەوێت ,وەک رۆژهەلاتناس لوی ماسینیون گووتەنی: لە زمانە کۆنەکانە , زمانیش چەندە کۆن بێت رێزمانەکەی ئالۆزتردەبێت**

زمانی عارەبی پێش قورئان مەزن بوو توحفەی شیعری جوانی پێنوسرا وەک, (معلقات)
دوای قورئان , محەمەد لەدەعوەکەی داوای پاش گەز بوونەوەی کرد لە شیعر, بەوەش نەوەستاو مەحکومیشی کرد, ئەمەش شتێکی سەرنج راکێشەرە کەوا شاعیر لە جیهانی کۆنی عەرەبی ئەوەندە مەترسی هەبێت ببێتە بابەتی کتابێکی ئاسمانی و سورەتێکی بۆ تەرخان بکرێت ناوی بنرێت (شاعیرەکان) لە کۆنەوە ولە ناو کەلتورەکان جگە لە سوکرات کەس گرنگیکی وای بە شیعر نەداوە,ئەفلاتۆن کەوا گاریگەری سوکرات بە سەرەوە بوو کۆپی کەرەوەی هزری ئەوبوو , ئەویش هێرشی کردۆتە سەر شاعیران و لە شارەکەی خۆی دووری خستۆنەتەوەو لە دەرەوەی یاساکانی خۆی داناون
هۆکارەکانی قورئان وهۆکارەکانی ئەفلاتۆن وسوقرات جیاوازن, قورئان شاعیران لە شارستانیەتی زمان نەفی دەکات, پێیوایە شاعیران زمان دەکەنە کارێکی سحری , وەهەروەها وشەکانی دەقی پێ دەنووسێتەوە ,لە راستی شتەکان وەریان ناگرێ وشاعیر ساحیرەو درۆزنە و هەندێک جار خەون دەخاتە ناو وشەکانی بۆ ئەوەی لە ناوەوە بۆگەنیان بکات , ئەوەش ئەوە دە گەیێنی کە دەبێ زمان لە خزمەتی راستی دابێت نەک درۆو دوو روویی و ئەوشتانەی دورن لە راستی کەواتە شاعیر نەیاری راستیە , دوای بیست ساڵ نەفی کردنی شیعر لەسەر شانۆی شارستانیەتی یەکەمی ئیسلامی , لە سەر دەمی عومەری کوڕی خەتاب دەگەڕێتەوە , هەرچەندە عەمەر ئیسلامێکی توندرەو بوو بەڵام زۆری حەز لە شیعر بوو , ئەو کات بە شیعریان دەگووت (دیوانی عەرەب) عومەر رێگەی دا شیعر بگەرێتەوە بە مەرجێک لە رێگەی قورئانەوە بێت, کە بەلای ئەو بەرزترین نموونەبوو بۆ بە کارهێنانی زمان .بۆ ماوەیەکی زۆر زمان راوەستا و شاعیرە گەورەکانی وەک ئەبی نەواس هەوڵی دا زمان بە شێوەیەکی نوێ بەکاربهێنن , بەڵام بەزیندەقەو لە ئوسول وئاین لادەریان دانا. هەمان مامەلە لە گەڵ شاعیرە سۆفیەکانیشدا کرا, لە بەر ئەوەی سۆفیزم راپەڕینێکی زمانەوانی وبزوتنەوەیەکی تازەگەری بوولە ناو تەقلیدیەتی ئیسلامیدا , کاتێ ئەو زمانە سۆفیانە لەلایەن شاعیرێکی بەهرەداری وەک حەلاج بەکاردهێنرێ , چارەنووسی دەبێتە لە سێدارە دانوولەخاچ دان وسوتاندن . کاریگەری ئیسلام چ وەک قالب یان لایەنی دەروونی کاریگەریەکی زۆری هەیە , بە ئەندازەیەک شاعیرێکی گەورەی وەک( متەنەبی) کەوا لە یەک کاتدا زۆر غرورو ئاگالەخۆ بووە ناوی خوی ناوە (موتەنەبی) کەوا تەماشای زمانی (نبوە)ی کردووە.بێ ئەوەی خۆی

**له پێغەمبەرایەتی نزیک کردبێتەوە , بۆیە پێغەمبەر نەبووە بەڵام (متنبیا ) بووە .**

* بێ توانای زمانی عارەبی لە وەی نەتوانێ لە گەڵ سەردەم بڕوات . بە بۆچوونی تۆ ئایا بە هۆی کۆنترۆلی ئاینە بە سەریدا ,یان بەهوێ گەشە نەکردنی فەرهەنگی زمانی عەرەبیە؟

**ستیتیە/رەوشەکە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و گەیشتنی نوێخوازی بەجیهانی عەرەبی وەستاو بوو,لە کۆتای ئەم سەدەیە ش راپەڕینی یەکەم لە لبنان رووی دا و زۆر سەیریش بوو هەموو توانایان خستە سەر نوێ بوونەوەی زمان ودنیای هەست وهزر وخەیاڵیان فەرامۆش کرد , لبنانیەکانیش گرنگیان بە ژیانەوەی زمان ودەرباز کردنی لەبەها ئاینیەکان دا. ئەم کارەش ئەدیبە مەسیحیە لبنانیەکان کردیان , بەتایبەتی (بساتنەکان)**

* کەواتە نوێخوازیەکە لە سەر دەستی نووسەرە مەسیحیەکان کرا . چ شتێک لێنەگەڕا شاعیرونووسەرە عارەبەکان ئەمە بکەن؟

**ستیتیە:/ بە بیانوی ئەوەی گوایە ئەم کردارە زمانەوانیانە هەڕەشەن بۆ سەرکەلتووری ئیسلام , هیچ زانایەک یان ئەدیبێکی عارەب هان نەدەدرا , نموونەیەکی تر یەکەمین شاعیری نوێخوازی عارەبی جبران خلیل جبران بە کتابێکی نوێخوازتر بەناوی(پێغەمبەر) بە زمانی ئینگلیزی دەچێتە مەیدانی نوێخوازی , بۆ خۆی نووسەرێکی عارەبی بوو بەڵام رێگەیان نەدا کتابەکەی وەربگێڕێتە سەر زمانی عارەبی .**

**خاڵی دووەم ئەویش وەک (المتنبی) ناوی کتابەکەی خۆی نا (پێغەمبەر) لە رێگەی ئەم کتێبەوەو قالب ومانای نوێ وکۆنی هێنا ناو ئەم چوارچیوانە بە جۆرێک پێکهاتەیان دەگەڕێتەوە بۆ سورەتەکانی قورئان و تەورات , هەڵبەتە پێکتر گەیشتنەوەیەک لە نێوان دەقەکانی قورئان و تەورات دا هەیە, جبران (پێغەمبەری ) تارادەیک وەک دەقێکی شیعری نووسی , وەزنیان هەبوو, بەڵام بە شێوەکی ئالەتی نا , جبران باسی پێویستی گەڕانەوەی مرۆڤی رۆژئاوا دەکات بۆروح , لە گەڵ ئەوەی لە ئەمریکا دەژیا,بەڵام بۆ زانیاریە روحیەکانی گەڕابووەوە سەر شوێنەوارە روحیەکانی مەسیحیەت و ئیسلام . هەندێک شاعیری تریش وەک شەوقی و حافزئیبراهیم هەولی نویخوازیان دا بەڵام نوێخوازیەکەیان لەرووی فۆرمەوە نەبوو تەنیا لایەنی مانا و فکری نیشتمان پەروەری وعاتفی دلی خەلکی ئەو کات بوو, بۆیە ناتوانین پێیان بلێن نوێخواز بووین .بەلکو گەڕانە بوو بۆ سەرەتاکانی ئوسولی**

**(شیعری دیوانی عەرەبەی) (سەردەمی عومەر) دەکرا شیعرەکانی ئەم شاعیرانە بە شیعری (بحتری)و( ئەبی تەمام) بچوویێنین, ئەمەسەلەیەش هیچ ئاسان نییە , ئەوە لە بیر نەکەی ناکۆکییەک لە نێوان ئەو بارگرانییەی زمانی قورئان هەیەتی لە گەڵ حەزی مرۆڤی عەرەبی بۆ گەیشتن بە شتێک لە رزگاری زمانەوزانی و گوزارشت کردنی لە خودی نوێی ی خۆی .**

*هەست بە پێویستی تێکشکاندنی ئەم سبغە پیرۆزەی سەر زمانی عەرەبی دەکەیت. بەرای تۆ ئەمە چۆن دەکرێت؟

**ستیتیە:/ شاعیرەکان هەوڵیان دا بگەن بە زمانێکی ئازاد ولە پیرۆزی زمان قوتار بن ,بەڵام نەش دەکرا زاراوەی نوێ وا بێنن نەگونجێن لە گەڵ لێکدانەوە قورئان و داب و نەریەت , وەنەدەکرا هیچ دەسکاریەک یان بەکارهێنانەکی رێزپەڕلەرێزمانی عارەبی دا بکەن ببێتە هۆی تێکشکاندنی بناغە بەستووەکەی , یان زمانی عارەبی بەگوزارشت لێکردن بە زمانێکی تر پیس بکەیت,کە پێیان وابوو دەکاتە دەرەوەی ئیسلام یان کفر. شاعیرە نوێخوازە عارەبەکان هێرشیان کردەسەر بناغەی شکۆداری عارەبایەتی , گوتیان دەمانەوێ دەرگاو پەنجەرەکانی هەست ونەست وهزرمان بەسەر دنیادا بکەینەوە, گوتیان دەبێ زاراوەی نوێ هەبێت بۆ ئەوەی باس لەم هەموو شتە تازانە بکاین.**

* ئایا زمانی عارەبی بێ توانایە, لە پێشوازی لێ کردنی دەقە زانستی وفەلسەفیەکان لە زمانەکانی تر؟ .

**ستیتیە:/ زۆربەی ئەو وشە زانستیانەی ئەمڕۆ بەکاریان دێنین بە تایبەتی بیولوجیەکان رۆژئاواین , زمانی عەرەبی توانای وەرگرتن و بەکار هێنانی ئەم وشەو زارازانەی هەیە کە لە رێگەی وەرگێرانەو. دەکەونە ناو زمانی عەرەبی .**
**ئێمە لە رەوشێکی زۆر تەنگەبەر داین , شەمەندەفەری مێژوو زۆر بە خێرایی دەڕوات , گەر ئێمەش سەر ئەم شەمەندفەرە نەکەوین , بە یەکجاری شەڕی گەڵ شارستانیەتە دەدۆڕێنین ,ئەرکی بنەڕەتی مرۆژی عارەبان , بەتایبەتی نووسەرو شاعیرو زاناکانی ئەبێ بوێربن و ئەم دەستە واژەو زاراوانەبخەن ناو زمان کە باس لە راستیە تازەکان دەکات .مەعقوڵ نیە عارەب بە پەکەوتەیی و داماوی چاوەڕوانی بەهرەیەکی تر بکەن بۆ ئەوەی باسی پێ لە راستیەکان بکەن . سەردەمی بەهرە تەوابوو ,تەنیا لە شیعردا ماوە , ئەرکی هزر: کارکردنی بە راستیە بۆ گەیشتن بە فەرهەنگێکی نوێ , کە راستیەکانی رابردوو, ئیستا , ئایندە دەربخات ,ئەگەر نا دەبینە قوربانی وەهمە**

مێژوویەکانمان , کەوا جگە لە بەسترانەوەمان بە رابردوومان هیچی ترمان نیە .
ئەوکاتانەی عارەب لە گەلٚ داهێنان بوون, زۆر دەستەواژەو وشەی بیانی وەک فارسی و لاتینی هاتنە ناو زمانی عەرەبی و پشتیوانیان لە زاناو رۆشەنبیرە نا عەرەبەکان دەکردوو کارەکانیانیان بە خزمەتێکی مرۆڤایەتی دادەنان,دەبا ئێمەش حیکمەتێک لەم بۆچوونە قەدیمە ی ئەوان وەر گرین .

بەرای تۆ قەیرانی زمانی عەرەبی چی یە؟ ئایا هیچ سوودمان لە ئەزموونی شارستانیەتەکانی تر وەر گرتووە؟

ستیتیە:/ نەک هەر زمانی عەرەبی , زۆر لە زمانە کۆنەکان و شارستانیەکان قەیرانیان هەیە . شاستانیەتی یابانی و چینی زۆر کۆنن , سی سالێک دەبێت دەستیان بەکار کردن کردووە بۆ ئاسان کردن وچۆنیەتی پێشخستنی زمانەکانیان بۆ ئەوەی بتوانیٚ لە ئاستی دنیای تازەدا بن وبتوانی گوزارشتیان لیٚ بکات, وەک و ئەم شتە قۆرانە نیە کە لەولآتانی عارەباندا هەنە, جیگەی داخیشە تەواو نابن !
جاران یابان سیٚ سەد هەزارمیدۆغرامی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی بە وێنە گوزارشت لە هزر بکات , بەلآم ئەمرۆ تەنیا نۆ هەزار میدۆغرام بەکاردەهێنیٚ ,یابانیەکان هەولٚی خۆ رزگار کردنی خۆیاندا لەژێر باری گرانی زمان و ئاسان کردنی بۆ ئەوەی بچنە ناو ئەدەب و دنیای هاو چەرخ .
یابان و چین نموونەی گەشەکردی زمانن ,لە ولآتانی عەرەبی قەیران هەیە, ئەگەر عارەب بیەویٚ لە مێژوودا بمێنێتەوە دەبیٚ زۆر حەکیمانە چارە سەری ئەم قەیرانە بکات , تاکە ریگەی رزگار بوونی شارستانیەتی عەرەب وئیسلام خۆ گونجاندە, لە رووی هزرو زمان لە گەلٚ ئەو دنیایەی رۆژانە نویٚ دەبێتەوە .
سەرچاوە( سایتی قەنتەرە2006)